مێژووی ئەدەبیاتی ماد

لە فارسییەوە: مێهرداد ڕامیدی نیا
(مەهاباد)

تا ئێستا هیچ نووسراوەیەک لە سەردەمی ماد بە یەکێک لە زمانەکانی ئێرانی بەجێ نەماوە، بەڵام لە نووسراوەکانی مێژوونووسانی یۆنانیدا گەلێک ئاماژە بە چیرۆک و حەقایەت و هۆنراوەکانی ئەو سەردەمە کراوە. «ئاتێنیۆس» دەڵێ:

شایەر و گۆرانی و سترانبێژەکان بە نەرمە خوێنی خۆیان، دلێری و جوامێری و ئازایەتی «کورەش» و جەنگی ئەویان لەگەڵ «ئاستیاگ» پێشبینی دەکرد. ئەوسا لە زمان «دینۆن»ـەوە دەنووسێ: «کاتێک کە «ئاستیاگاس» لەگەڵ دۆست و هەڤالانی ئاهەنگی جەژن و شادی دەگێڕێ، پیاوێک بەنێوی «ئەنگاریس» کە سترانبێژێکی هەرە ناوداربوو، بانگ دەکا و ئەم سترانبێژە هەموو چیرۆک و هۆنراوە باو و ئاساییەکان بە ئاواز دەخوێنێتەوە. لە کۆتاییدا گوتی: دێوێکی بە سامتر لە بەرازی تۆڕ لە زۆنگێکدا بەرەڵلا کراوە و ئەگەر بەسەر دراوسێیەکاندا زاڵ بێ، هێندەی پێ ناچێ کە هیچ کەس دەرەقەتی نایە. کاتێ ئاستیاگ لە سترانبێژەکە دەپرسێ:

ئەمە چ دێوێکە؟ سترانبێژەکە لە وەڵامیدا دەبێژێ: کورەشی فارسە!، هەروەها دینۆن دەنووسێ: کورەش لە خەوێدا دەبینێ کە خۆرەتاو لەبەر پێیەتی، سێ کەڕەت هەوڵی دا بەدەستی بیگرێ، بەڵام سەرنەکەوت. چونکە خۆر لە دەستی دەخزی و ڕای دەکرد. مۆغەکان پێش دابێژیان بۆ کرد کە سێ جار ڕاکردنی خۆر بە مانای ئەوەیە کە [کورەش] سێ سالان پاشایەتی دەکا و هەرواش بوو. لەمەڕ کورەشەوە گەلێک چیرۆک هاتبوونە نێو ئەدەب. «گێزێنفۆن» دەڵێ: ئێرانییەکان لە چیرۆک و سروودەکانی خۆیاندا کە ئێستاش پایەدار و بە بڕەون و جوانی و خووخدەی باشی ئەم پاشایە و ئۆگری و داژداری

ئەو بۆفێربوون دەگێڕنەوە.

هەروەها لە جێیەکی تردا دەبێژێ: نێوی کورەش لەسەر زاری خەڵکی مادبوو. هەرکەس لە گوتە و ئاخاوتنی خۆیدا پەسن و ستایشی دەکرد. نمایەک لە چیرۆکەکانی پاڵەوانیەتی ماد، گێڕانەوەکانی «کنیتزیاس»ـە لە مەڕ هەندێک ڕووداو کە بوونە هۆی دامەزرانی دەوڵەتی ماد. «سترانگایۆس» کە عاشقی شاژنی وڵاتی «سەکا» بەنێوی «زەرینیا» دەبێ، چونکە پێی ناگا خۆی دەکوژێ- لە چیرۆکگەلی دڵداری و عاشقانەی وڵاتی ماد بووە، یەکێکە لە چیرۆکەکانی خۆشەویستی و دڵداری [وڵاتی ماد] چیرۆکی «زەریادەرێس» و «ئۆداتیس»ـە کە «خارێس میتلێنی» بەم شێوە باسی کردووە:

دەڵێن «هیستاسپێس» برا چکۆلەی «زەریادەرێس» بەرەی زەماوەندی «ئافرودێت» و «ئادۆنێس» بوون «هیستاسپێس» فەرمانڕەوای ماد و وڵاتەکانی سەرووی وێ بووە.

«زەریادەرێس»یش بەسەر ناوچەکانی خواروو دەروازەکانی «خزر» تا «تەنائیس»دا حکوومانی دەکرد. «مەراتی»یەکان لەوبەری «تەنائیس»دا دەژیان و فەرمانڕەوا و پاشاکەیان «ئۆمارتیس»ی ناوبوو.

ئەم ئۆمارتیسە کچێکی هەبوو بەنێوی «ئۆداتیس» کە جوانترین و شۆخو شەنگترین ژنی [وڵاتی] ئاسیا بوو. «ئۆداتیس» خەو بە «زەریادەرێس» دەبینێ و لە خەوێدا عاشقی دەبێ؛ هەروەها زەریادەرێسیش لە خەودا شەیدای ئەو کچە دەبێ. «زەریادەرێس» بۆ گەیشتن بە «ئۆداتیس» گەلێک کۆشا، بەڵام سەرنەکەوت، چونکە باوکی کچە حەزی نەدەکرد کچەکەی بداتە پیاوێکی بیانی و غەوارە سۆر.

هێندەی نەخایاند کە «ئومارتیس» بۆ بەشوودانی کەنیشکەکەی ئاهەنگێکی گەورەی سازدا و لەم ئاهەنگەدا، هەموو خزم و خێش و گەورە پیاوانی دەربار و بارەگاکەی بەشدار بوون. «ئۆمارتیس» داوای لە کچەکەی خۆی واتا «ئۆداتیس» کرد پێکێک شەراب بدا بە ئەو کەسەی کە حەز دەکات شووی پێ بکات. زەریادەرێسیش کە پێشتر لایەن ئۆداتیسەوە لەم کارە ئاگادار کرابووەوە، خێرا لەگەڵ فایتۆن لێخورەکەی خۆی بە «تەنائیس»دا گوزەری کرد و بەجلێکی نامۆ هاتە نێو تەلاری ئاهەنگەکە و ئۆداتیسیش پێکەکەی بۆ پڕ کرد.

بەپێی وتەی «خارێس میتلێنی»: ئەم چیرۆکە لەنێو خەڵکی ئاسیادا زۆر بەنێوبانگ بووە و ئەم چیرۆکەیان لەسەر دیواری پەرستگە، کۆشک و تەنانەت ماڵە تایبەتییەکاندا دەنەخشاند و زۆربەی پیاوە گەورەکان نێوی ئۆداتیسیان لە کەنیشکەکانی خۆیان دەنا.

بەڕای «مێری بۆبس» ئەم چیرۆکە ڕەگوڕیشە و بنجێکی «ماد»ی هەیە و لەگەڵ ئایینی پەرستنی خوای عەشق، ڕەنگە ئاناهیتا پێوەندی هەبووە و دواتر بە شێوەی «گوشتاسپ» و «کەتایون» هاتوونەتە نێو زنجیرە چیرۆکەکانی «کەیانی» و لە شانامەی فیردەوسیدا ڕەنگی داوەتەوە.

ژێدەر:

تاریخ ادبیات ایران پیش از اسلام، دکتر احمد تفضلی: به کوشش دکتر ژاله آموزگار، تهران؛ نشر سخن، چاپ سوم، ۱۳۷۶.